
فاروق رەفیق



ئاشێکی مەزن وەک عەقڵ و عیشق

42936

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

له بلاوکراوەکانی خانە حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ خانەی حیکمەت



ناوی کتێب: ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق
"پەروەردەی لیبڕاڵ و ئاکاری مەدەنی"
بابەت: لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
نووسەر: فاروق رەفیق
تیراژ: ١٠٠٠٠ دانە
نرخ: ٧٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٤٨ ساڵی ٢٠٠٦
چاپ و دابەش کردن: چاپخانەی رەنج
تایپ و نەخشەساز: فەرەیدون عەزیز بابا
دیزاینی بەرگ: سەلام مارف
تابلۆی بەرگ: گیۆرگیۆنی، سێ فەیلەسوف
هەڵەچن: مەریوان سەلاح حیلمی
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
سلێمانی ــ ٢٠٠٦

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

(ناواخن)

دەروازە ..... (٧)

بەندی یەکەم: ..... (٢١)

ئەو پەروەردەیەی کە ئازادمان دەکا

بەندی دووەم: ..... (٨٧)

بۆتەقەی هاوئەشکەوتی بوونو هاونیشتمانی بوون

بەندی سێیەم: ..... (١٨٩)

ڕەوانبێژیو شار

بەندی چوارەم: ..... (٢٤٩)

جەنتڵمان

بەندی پێنجەم: ..... (٣٠٧)

بەمەدەنیکردنی حاڵەتی سروشتیو بە سروشتیکردنی حاڵەتی مەدەنی

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەروازەیەک:

"پـــەروەردەی لیـــبرالْ پـــێکهاتووە لـــە گوێگـــرتن لـــە دەنگـــە بچـــووک، بـــەڵام بەردەوامـەکان، کەواتـە بـوون بـە کـەڕ لە ناست موکەبـەرە کۆنەکاندا، پـەروەردەی لیـــبرالْ هـــەوڵی ڕووناکی دەدا، کەواتـــە دوورەپـەرێزی دەکا لە پڕۆجێکتەرەکان"

لیوشتراوس

لـە کتـێبی ستـەمکاری: مەملەکـەتی تـرس‌و لـە مـرۆڤ خستنی مرۆڤو تـرۆرکـردنی عـەقڵ[1]دا بـەندێکمان تـەرخان کـردووە بـۆ لـێدوان لـە پـەروەردەی لیـبرالْ بـە نـاوی "پـەروەردەی لیبرالْو زانکۆو ستەمکاری" کـە تێیدا جـەغدمان لەسـەر پەروەردەی لیبرالْ کردووە ودک هۆکارێک، نەڵتەرناتیڤێکی فەلسـەفی، بـۆ بەردنگاربوونـەودی ستـەمکاری. لـەوێدا گوتوومانە کە ئایدیۆلۆژیا، جا هەر ئایدۆلۆژیایەک بێت چەپ یا ڕاست، "هەڵگـری تـۆوی سـتەمکاریە" و نـیدی لـێردوە قسـەمان لەسـەر پـەروەردەی لیـبرالْ کـردووە، ودک کایەیەک بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی مـەدەنی‌و خـاودن لێپرسـراوێتی‌و وێژدانـی تەندروسـت، پـەروەردەی لیـــبرالْ ودک کایەیـــەک بـــۆ گەوردکـــردنی فـــەزای گشـــتی Public و پتەوکردنی لە ڕێگای تەشویق کردنی ئاکاری مەدەنیەوە. لێردوە ئەم کتێـبەی بەردەسـتمان درێژکـراوەی ئـەو گفـتوگۆ فەلسـەفیەیەو لـە ئایندەشدا دەگەڕێینەوە سـەر ئـەم مەسـەلە گـرنگە، چـونکی جگـە لـە گـرنگی لـە ڕادەبـەدەری پـەروەردەو کایـەی پـەروەردەییو‌و بەتایـبەت پـەروەردەی لیـبرالْ خـۆی لـە خۆیـدا، ئـێمە ڕۆژانـە دەسـت‌و پەنجـە

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەروازەیەک:

نەرمدەکەین لە تەک ستەمکاریدا، ستەمکاری ج ودکو سیستەمێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتوری‌و ج ودك کێشەیەکی ڕۆحی‌و عەقڵی، ستەمکاریەك کە ڕۆژانە خۆی لە ڕۆحە بیمارو عەقڵە گرگنەکاندا مانیفێست دەکا.

لە سەدەی بیستەمداو لە نێوەندە نەکادیمی‌و فیکریەکانی خۆرئاوادا ئێمە شاهیدی گفتوگۆیەکی چڕ بووین لەسەر پەرودردەی لیبرال لە پەیوەندیدا بە فەلسەفەی پەرودردەو هەلومەرجی عەقڵی‌و ڕۆحی مرۆڤی هاوچەرخ‌و کایەو کێشە سیاسیەکان‌و بە تایبەت پەیوەندی پەرودردەی لیبرال‌و بیرۆکەی هاونیشتمانی‌و فەزای گشتی‌و مەدەنی‌و پەیوەندی پەرودردەی لیبرال بە بیرۆکەی ئاکاری مەدەنی‌و چاکە یا فەزیلەتی مەدەنییەوە (Civic Virtue)[٢].

ئەمە بەو مانایە نا کە پێشتر گفتوگۆیەکی لەم جۆرە ساز نەدرابێت یاخود پێشتر شارەزایانی بواری پەرودردەو فەیلەسوفەکان ئەم ڕەهەندانەیان بەسەر نەکردبێتەوە، بەڵکو مەبەستەکە ئەودیە کە لە سەدەی بیستەم‌و بە تایبەتی دوای دەیەی پەنجاکان ئەم کایە گرنگە زیاتر بووە شوێنی مشت‌و مڕو جارێکی دیکە شوێنی تێڕامان‌و زیاتر ڕۆشنایی خرایە سەر لەبەر کۆمەڵێك هۆی سیاسی‌و شارستانی‌و پەرودردەیی. دەتوانین سێ هۆی گرنگ دیاری بکەین:

یەکەم: سەردولێزبوونەوەی پەرودردە بە شێودیەکی گشتی‌و خوێندنی بالا لە زانکۆکاندا بە تایبەتی، سەردولێزبوونەودیەك‌و قەیرانێکی هێندە قوونی بواری پەرودردە کە کارێکی کرد هەندێك شارەزاو پسپۆڕو مامۆستای بواری پەرودردە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە بڵێن ئێمە لە قۆناغی "کۆتایهاتنی پەرودردە"داین.

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دەروازەیەک:

دووهەم، پرۆژە ستەمکاریەکانی وەکو کۆمۆنیزمو نازیزم، و ئایدیۆلۆژیا تۆندرەوەکان، لەوانەش ئایدیۆلۆژیای بە پیرۆزکردنی بازارو بە بتکردنی بازاڕی ئازاد، کە هەر هەموو هەڕدشەبوونو هەن لە مەدەنیەتو لە مرۆڤو ئنجا عەقڵو وێژدانی تەندروست.

سێیەم: گەشەکردنی کۆمەڵگای گاڕانن یا کۆمەڵگای جەماوەریی Mass Society بە خۆیو ڕەزیلەتەکانیەوە (Vices)، لەوانە ڕەزیلەتی بە بازاڕیکردن (Vulgarization)ی کایە مەزنەکانی وەک سیاسەتو ئەدەبو هونەر.

هەرچی پەیوەندی بە بواری مەدەنیو کایە سیاسیەکانەوە هەبێت، لە دیدی هەندێک بیریارو شارەزایانی بواری فەلسەفەی سیاسیەوە، لەوانە لیو شتراوس، ئالان بلوم، ستانلی ڕۆزنو نوێڵو ئەوانی دیکە، سەرەوڵێژبوونەوەی پەروەردەو بە تایبەت پەروەردەی لیبراڵ خۆی لە خۆیدا مەترسیەکی گەورە بۆ سەر سیاسەتو جڤاتی سیاسیو بیرۆکەی هاونیشتمانیو ئاستی عەقڵیو ئیستاتیکاو ئیتیکی Ethics هاونیشتمانیانی هاوچەرخو دروست دەکات. گەر ئەو مەترسیە، یا مەترسیانە، لەبەرچاو بگرین ئەوا هەست دەکەین کە گفتوگۆی ئێمە لەسەر پەروەردەی لیبراڵ لەم کاتەو لێردا پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرەو حاڵەتێکی ناکاو emergency لەخۆ دەگرێت لەودیو گرنگیدانی ئاسایی بە بواری پەروەردەو خۆی دەسەپێنێو ئەم حاڵەتە ناکاوەش لەو هێڵانەوە سەرچاوە دەگرێ کە پەروەردەی لیبراڵ دەبەستنەوە بە سیاسەتو کۆمەڵگەی مەدەنیو جۆری ئەو سیستەمەی کە دەمانەوێت لەژێر سایەیداو لە ناویدا بژین.. لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین کە پەیوەندی پەروەردەی لیبراڵو جڤاتی سیاسیو ئەخلاقی مەدەنی بەسەر بکەینەوە بە نیازی دروستکردنی زەمینەیەکی

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library